# ئەصڵ وایە کە نەهی و ڕێگرتن بۆ حەرامیەتی ئەو کارەیە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ عبد العزیز بن باز


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2013 - 1435

IslamHouse.com

# الأصل في النهي التحريم

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد العزيز بن باز

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1435

IslamHouse.com

## ئەصڵ وایە کە نەهی و ڕێگرتن بۆ حەرامیەتی ئەو کارەیە

ئـەم پرسیارە ئـاڕاستـەی شێخ عبد الـعزیز بن بـاز کرا :( ڕەحمـەتـی خـوای لـێ بیت ) :

**پرسیار** : لـە هـەندێك فـەرمـوودەکـانـی پێغـەمبـەری خـوادا ( صلـی اللـە علیـە وسلم ) هـاتـووە : کـەوا نـەهـی و ڕێگـری کـردووە لـە فلاّن کـار لـە کـارەکـان، ئـایـا هـەموو نـەهـی و ڕێگـرییـەك بـۆ حـەرامـی ئـەو کـارەیـە، یـان بـۆ کـەراهـەتـە ؟

**وەڵام** : سوپـاس بـۆ خـوای گـەورە ومیـهرەبـان، وە درود و صـەڵات وسـەلام لـەسـەر محمد الـمصطفی وئـال وبـەیت ویـار ویـاوەرانـی هـەتـا هـەتـایـە .

ئـەوەی بنـەمـا و ئـەصڵـە ئـەوەیـە هـەموو نـەهـی و ڕێگـریـەك بۆ حـەرامـی ئـەو کـارەیـە کـە نـەهـی لـێکـراوە، پـێغـەمبـەری خـوا ( صلـی

الله عليه وسلم ) فەرموویەتی :   « ما نهيتكم عنه فاجتنبوه وما أمرتكم به فأتوه منه ما استطعتم » واتا : ئەوەی نەهیم کردووە لێتان و ڕێگریم کردووە لێی دوور بکەونەوە، ئەوەشی فەرمانم پێکردووە بۆتان بە پێی توانای خۆتان ئەنجامی بدەن و پێی هەڵسن، هەروەها فەرموویەتی :   « إنما هلك من كان قبلكم لكثرة مسائلهم ، واختلافهم على أنبيائهم ، فما نهيتكم عنه فاجتنبوه ، وما أمرتكم به فأتوه منه ما استطعتم » واتا : ئەوەی بووە هۆی تیاچوونی ئوممەتانی پێش ئێوە پرسیارکردنی زۆریان بوو لەگەڵ جیاوازیان لەگەڵ پێغەمبەرەکانیاندا، ئەوەی نەهی و ڕێگریم کرووە لێتان لێی دوور بکەونەوە، ئەوەشی فەرمانم پێکردووە پێتان بە پێی توانای خۆتان جێ بەجێی بکەن و ئەنجامی بدەن .

جا لەبەر ئەوەی ئەصڵ و بنەمای شەرعی ئەوەیە کە هەموو نەهی و ڕێگریەك بۆ حەرامی ئەو شتەیە کە ڕێگریەکەی

لێكراوە، وە هیچ شتێكیش لـە حـەرامیـەوە نـایگۆڕێت و نـایگوازێتـەوە بۆ كـەراهیـەت بوونـی بـەڵگـە و دەلیل نـەبێت لـەو بـارەیـەوە، بۆ نموونـە ئـەگـەر هـاتوو پێغـەمبـەری خوا ( صلـی اللـە علیـە وسلـم ) نـەهـی ورێگری كرد بێت لـە كـارێك، وپـاشـان هـەر خۆی ئـەو كـارەی ئـەنجامدا بێت، ئـەوە بـەڵگـەیـە لـەسـەر ئـەوەی نـەهـی و ڕێگریـەكـەی پێشووی بۆ ( كـەراهیـەتـە)، وەك ئـەوەی كـە نـەهـی و ڕێگری كردووە كـە ئـاو بـە پێوە بخورێتـەوە، بـەڵام دوای هـەر لـەخۆیـەوە جێگیر بووە كـە هـەندێك جار ئـاوی بـە پێوە خواردوەتـەوە، ئـەمـەش بـەڵگـەیـە لـەسـەر ئـەوەی ئـاو خواردنـەوە بـە پێوە حـەرام نییـە، بـەڵكو بـەڵگـەیـە لـەسـەر ئـەوەی ئـاو خواردنـەوە بـە پێوە و بـە دانیشتـانیشـەوە دروستـە بـەڵام بـاشتر وایـە مرۆڤ ئـاو بـە دانیشتـانـەوە بخواتـەوە، هـەروەهـا وەك ئـەو نمونـەیـەی تریش كـە پێغـەمبـەری خوا ( صلـی اللـە علیـە وسلـم )

فەرمانی کردووە بە هەستانەوە لەبەر جەنازە و تەرمی مردوو، وە فەرموویەتی : « إذا رأيتم الجنازة فقوموا » واتا : ئەگەر تەرمێکتان بینی لەبەر ی هەستنەوە، بەڵام هەندێك جار خۆیشی دانیشتووە و هەڵنەساوەتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی فەرمانەکەی لەم کاتەدا بۆ واجب بوون نییە، جا لە بەر ئەوەی قاعیدە و بنەما شەرعیەکە ئاوایە : چ کاتێك پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) نەهی و ڕێگری کرد لەکارێك و پاشان خۆیشی کردبووی ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو نەهی و ڕێگری کردنە بۆ حەرامی نیە بەڵکو بۆ ( کەراهیەتە ) و باشتر وایە مرۆڤ وازی لێ بهێنێت، وە هەر کاتێکیش فەرمانی کردبێت بە کارێك، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی هەندێك جار نەیکردبێت، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو فەرمانە بۆ واجب بوون نییە، وە گەر نا ئەم بەڵگانە نەبوون، ئەوا لە ئەصڵ و

بنەمادا وایە هەموو فەرمانێك بۆ واجب بوونە و هەموو نەهی ورێگریەکیش بۆ حەرامیەتە ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : بەرنامەی نور علی الدرب ..